زیاتر لە ٨٠ هەزار تۆن برنجی ئەمریکی وتایلەندی بە بەشخەراک گەیشتە عەراق

وەزارەتی بازرگانی عەراق رایگەیاند، ٨٧ هەزار تۆن برنجی ئەمریکی و تایلەندی گەیشتووەتە عەراق و لە سبەتەی خەراکدا بەسەر هاوڵاتیاندا دابەشدەکرێت.

ئەمە پێنجشەممە، لەما موسەوی بەڕێوەبەری کەمپانیای بازرگانی سەر بە وەزارەتی بازرگانی عەراق لە راگەیاندراوەکدا باسی لێوەکردووە، ٤٤ هەزار تۆن برنجی تایلەندی و ٤٣ هەزار تۆن برنجی ئەمریکی گەیشتوونەتە بەندەری قەسر.

ئاماژەی بۆش کردووە، تیمەکی پشکنینی تەندروستی لە بەندەرەکەن بە پشکنینی کوالێتی هەردوو جۆری برنجەکە و دواتر نمونەیەک لە برنجەکە دەبرێتە تاقیگەی تایبەت و پاش دەنیابوونەوە لە کوالێتییەکەی ڕێزامەندی لەسەر بەکارهێنانی دەدرێت.

ئەوەشی خستووەتە روو، ئەو ٨٧ هەزار تەنە برنجەی کە گەیشتووەتە عەراق لە چوارچێوەی سەبەتەی خەراکدا بەسەر هاوڵاتیاندا ادابەشدەکرێت.